# کێ و کام ئەڵتەرنەتیڤ؟

محەمەد فەریق حەسەن

لەم سەرو بەندەدا باس وخواسی گۆڕینی رژێمی عیراق بەگەرمی لە ئارادایە.
مەسەلەی رووخاندنی رژێمی فاشیستی بەغدا جێگەی خۆشحالی هەموو عیراقییەکە بە جیاوازیی نەتەوەو ئایین وئاییننزانەوە. بەڵام کێ و کام ئەلتەرتیڤ دبێتە میراتگری؟ ئەمەیان جێگەی گفت وگۆیەو دەمەوی راشکاوانە قسەی لەسەر بکەم.
تاکو نهۆ دروشمی دوو هێزە گەورەکەی باشوور، فدراڵی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عیراق ـ ە. سەرانی دوو هێزەکە، لە هەموو بۆنەیەکدا پاراستنی یەکێتی خاکی عیراق دووبارەدەکەنەوە.
من پێم وایە بەبەرزکردنەوەی دروشم لە چیاکانەوە، نە دیموکراسی لە عیراق دەچەسپێ و نە کوردیش دەبێتە خاوەنی فیدراڵی و نە چوارچێوەی سنووری عیراقیش دەپارێزرێ. بەڵکو دەبێ ئەو هێزانە خۆیان لە چیا دابەزن وبەرەو پێدەشت بجووڵێن وئەو دروشمانە هەڵیانگرتووە. لە خودی (بەغداد) دا پیادەی بکەن چونکە:
١ـ کورد گەورەترین ئۆپۆزسیۆنی عیراق پێکدێنێ.. ئۆپۆزسیۆنێ لە پشتیەوە ئەزموونی حوکمی زاتی حەفتاکانی ناوچەی کوردستان و ئەزموونی دە ساڵەی حوکمڕانی دوای راپەرینی هەرێم. خاوەنی کۆمەڵێ دەزگاو دامەزراوەیە و سەلماندوویەتی دەتوانی لەکاتی تەنگژەشدا کاروباری دەوڵەتی راپەرێنێ. پشتی بە هەزاران چەکداری خاوەن ئەزموون بەهێزە، بە ئیدارەی لۆجستی و تەموین وسەرکردایەتییەوە... کەچی لەچاو ئەو هەموو ئەزموون و هێزی سەربازی و جەماوەرییەوە کە جێی بەراورد نییە لەگەڵ ئوپۆزسیۆنی لاوازو پەراگەندەی عیراقدا بە هەموو رەنگ ودەنگیانەوە. بەڵێ لە گەڵ ئەوەشدا کورد خاوەنی دروشمێکی کاڵی ئەوتۆیە، بێ بڕوایی بەخۆی و بە ئایندەی پێوە دیارە. دروشمێکە لە فیدرالیی رووت وقووتدا خۆی دەنوێنێ. ئەم خیتابە سیاسییە دوو دڵ وشەرمن وخۆ بەکەم زانە، لەئاستی ترسناکیی ئەم قۆناغە چارەنووس سازەدا نییە.
٢ـ هێزە کوردستانییەکان تەواو لە گەڵ شیعە لە باشوورو، تورکمان و کلدۆ ئاشووریدا تەبان. بارزانیش هەرگیز شەڕی عارەبی نەکرد. پێم وایە زۆرینەی عیراقییەکان حوکمی عیراقیان لەلایەن کوردەوە پێ قەبووڵ دەبێ.
٣ـ خانەوادەی بارزانی خاوەنی مێژوویەکی درێژی پرشنگدارە و بگرە هیچ بەراوردێک لەنیوان بارزانی و هیچ کام لە گرووپ وکەسایەتییە پەراگەندەکانی ئۆپۆسیۆنی عیراقدا نییە.. دوای شورشی چواردەی تەممووز، کاتێ بارزانی لە سۆڤیەت گەرایەوە، ئەوەندەی کورد بەپیریەوە چوو، ئەوەندە و بگرە زیاتریش برایانی عەرەب بە چەپ ومیانڕەویانەوە، بە سوننەو شیعەیانەوە. هەر لە بەسرەوە تا بەغداد لە پێشوازیدا بوون. عارەبیش وەک کورد بارزانییان بە رەمزی بەرخودان و بەقارەمان دەزانی.

٤- سەرەتای سەدەی بیستەم کاتێ عوسمانلی هەرەسی هێنا. شێخ مەحموود لە پێشترین کەس بوو، بۆ پاشایەتی عێراق. هێنانی پادشا لە حیجازەوە بۆ عیراق جگە لە (ئیستیراد) هیچی دیکە نەبوو.

ئایا مەعقوولە دوای نزیکەی سەدەیەک هەمان کارەسات روو بداتەوە؟ یان ئایا مەعقوولە کۆنە چەکمە رەقێکی ئەنفالچی ببێتە ئەلتەرنەتیڤی گەورە ئەنفالچییەکانی ئیستای بەغداد؟

ئایا کارەساتی لەو جۆرانە رەنج بەباچوونی هەموو عیراقیەک نییە بە کوردو عەرەب وتورکمان وکلدۆ ئاشیوریەوە ؟

ئایا ئەم زرە ئۆپۆزسیۆنە پەراگەندەیەی ئەوروپا بەقایان پێدەکرێ دیموکراسی بۆ گەلانی عیراق دابین بکەن؟

٥- دروشمی شۆرشی ئەیلوول دیموکراسی بۆ عیراق وئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو. دروشمی شۆڕش نوێش دیموکراسی بۆ عیراق وفیدرالێ بۆ کوردستانە.

ئەگەر ئەزموونی هەموو جیهان تاوتوێ بکەی، دەبینی هیچ گەلێکی سەردەست مافە دیموکیراسیەکانی بۆ گەلی بندەست دابین نەکردووە. بۆیە بەدیهێنان و زامن کردنی دیموکراسی بۆ عیراق و مافەکانی گەلی کوردستان دەبێ بەدەستی هێزو لایەنە کوردستانیەکان بەدی بێ. ئەوەی بوێ تێکۆشاون دەبێ هەر بەدەستی کورد خۆی ولە بەغداد فەراهەم بێ.

٦- دەکرێ لانی کەم قسە لەسەر ئەوە بکرێ، مادەم کورد ٢٥%ی حەشیمەتی عیراق پێکدێنێ وئەمەیش بە بەراورد لە گەڵ ئەوە هەموو نەتەوەو ئایین وئایینزایانەوە کە لە عیراقدا دەژین رێژەیەکی بەرزە. بۆیە پێم رەوایە سەرۆکی ئایندەی عیراق بەنۆرە و دەورەبێ. چوار ساڵ سەرۆک کورد و چوار ساڵێ دواتر عارەب بێ.

ئەم خاڵە پێوەندیەکی حکۆمی بەخاڵەکانی پێشووەوە هەیە. چونکە ئەگەر سەرۆکی عیراق کورد بێ. ئەوا بۆی هەیە توانای خۆی بخاتە کار، بۆ چەسپاندنی دەستوورێک، ئەو دیموکراسیە فەراهەم بێنی کە نیو سەدەیە کردوویەتی بەدروشمی خۆی و بەرزی کردووتەوە. دەکرێ هەر لەوێشەوە مافی کورد و نەتەوەکانی دیکە بێتەدی. لەم حاڵەتەشدا دەبێ سەرۆکی یەکەمی دوای هەرەسی رژێمی بەغداد کورد بێ.

٧- لە ماوەی ئەم دەساڵەی دواییدا، ئەوە بۆ خەڵکی روون بووەوە، کە کاک مەسعودسەرکردەیەکی هێمن ولەسەر خۆیە، میانرەوە توانیویێتی تارادەیەکی زۆر سەرنجی کوردو بیانی بەلای خۆیدا رابکێشی. وێرای ئەزموونی خۆی دەوڵەمەندیشە بە ئەزموونی بارزانیی باوک. میانەی لە گەڵ زۆربەی رەوت وهێزەکانی ناوچەکەدا خۆشە. بۆیە شیاوترین کەسێ بۆ پایەی سەرکردایەتی گەلانی عیراق کاک مەسعود بارزانییە.